# ئێلێگیی یۆنانی


**مەگنووس ویلیەم-ئولسۆن**
**(١٩٦٠ - )**
**Magnus William-Olsson**

**لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوێد)**




### (ئۆرفیۆس)
### (Orpheus)

خۆت لە شەو وەردەگێڕیت و دەردەچیت، گرانیی بێدەنگی دادەکەنیت.
لە ماوەی چەند چاوتروووکانێکیشدا دیسان ئێوە دوو کەسن.
کامەتان وەک جنۆکە لە ئەوی تردا دەتوێتەوە، کێ دەبێتە قەڵغانی بریقەداری ئەوی تر، کێ نادیارە لەناو نیگای ئەوی تردا...؟ ئەمە ئەوە، ئەو، ئەوی تۆ خۆشت دەوێ ون دەبێ، دەتوێتەوە – دەمێنێتەوە.
تیشکی گەردوگوڵی بەیانی بە دەورتدا دەچەمێتەوە. تۆیش دەڕۆیتە سەر دەریا کە وەک نامەیەکی خۆشەویستی، مەرگی شاردووەتەوە، بەڵام وەک تاسە و ئارەزوو بە نهێنی دەژی. تۆ دەریا دەبینیت. تۆ هیچ شتێک نابینیت... ئورفیوس، ئەوە کێیە، چاودێری نیگات دەکا، کێ هەموو شتێکت لێ دەبا؟ ئێوریدیکێیە؟ نا، ئێوریدیکێ نییە
بەڵام خۆشەویستی ئێوریدیکێیە؛ وێنەکەیە. تۆیش جار لە دوای جار، ڕوو لە ئەو کەسەی بە نهێنی لەوێ ڕاوەستاوە، ڕوو لە ئەوی کاتێک خۆی بەخشییە مەرگ مایەوە، ئاوڕ دەدەیتەوە. تۆیش ڕوو وەردەگێڕیت. تەواو بێ جووڵە ڕوو لە دەریا ڕوو وەردەگێڕیت.

### (فائیتۆن)
### (Phaëton)

بکەویت، هەر بکەویت، وەک گۆ بێ پەروا بەناو چاوتروووکاندا بکەویت... تۆ دێیتە سەر کەنار. شەووڕۆژ لە دوای شەووڕۆژ خەیاڵاوی لەناو دەریادا هەژێنرایت. بەردەکانی ژێر پێت غلۆر دەبنەوە کە تۆ سەرسم دەدەیت لەناو دەنگە زۆرەکاندا: هی زیکزیکە، باڵندە، هی با، کە گۆرانی لە درەختەکانەوە دەردەکا...
پەڕەسێلکەیەک! دوو؟ – نا، سەت، یان زێتریش، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم تاکەیان وەک برووسکە بەناو بەشێکی بیناییتدا کە تۆ نەتدەزانی هەیە ڕەت دەبی...
لەدایکبوون بوو؟ لەدایکبوون بوو، ئەگەرچی زامدار و سەرەوژێر نەبوو، ئەو دەمەی گرانی لە ڕادەبەدەری خۆر هەستەکانی داڕماند، ئەو دەمەی ڕما جێپێ لە ئاسمان و دەریا خۆی کێشایەوە، سەخت و خەمگین، وەک شەوی تاریکی لێ هات.
تۆ دێیتە سەر کەنار. ڕوو وەرمەگێڕە، جارێکی تر قەت

ڕوو وەرمەگێڕە. سێبەرە پاییزییە ڕەشەکانی سنەوبەرەکان بگرە و بڕۆ... زۆر ئاسانە خۆت بە تاریکی ببەخشیت!

## (ΕΥΧΗΝ ΟΔΥΣΣΕΙ)

وەک بورجێکی ناو دەریا هەر لە دوورەوە شەیدا بیت. ناوسیکائا، دەریا لەبەر خاتری تۆ دەگەڕێتەوە. تۆ ئاگات لە جێگەی خۆت دەبێ، ئاگات لە پاکیزەیی، لە ترسی خۆت دەبێ. تۆ چی دەزانی لەبارەی بۆشاییەکانەوە، لەبارەی فەزاکانی دەوروبەرتەوە؟ – ئەو وێرانکەرەی لێت دەگەڕێ، لێت دەگەڕێ بە گێژی بتباتەوە ناو کاتی بەر لە هەموو شتێک.

ئەوسا تۆ وەک گڕێکی شینی شەوی تاریکی دوورگەکانی یونسی دێیتە لام. جوانی خۆتت پۆشیبێ، قەت خۆت ڕووت ناکەیتەوە، ئێرەیی دەبەن بورجی شینی دەریا و لەبیرکراوەکان. تۆیش بەسەر پشتی شەپۆلەکانەوە دێیت، کە هەر دەکشێن و ئێوەی کە لەمێژە مردوون لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن... ئێمە وەک بەردەکان، لەسەر کەناری ناو خەوندا هەڵدەبەزین. وەک بەردی بێدەستەڵات، هێزێکی بێچارە هەڵیگرتوو، هەڵدەبەزین. من. ناوسیکائا، کێ ناچارمان دەکات قەت لە بیر نەکەین، لەو کەسەی ناو ناخمان بپارێینەوە کە دەستەڵاتی نییە.

## (دێلفی)
## (Delphi)

دەتوانین چی لەبارەی مەرگەوە بڵێین؟ دەتوانین
بە پشیلە لەڕولاوازەکانی دێلفی بچوێنین کە ماندوونەناس
ڕادەکەنە ناخی زەوی و دێنە دەرەوە. ژێر
وەک میسرییەکان و بە ڕێککەوت وەک
سیمای خۆشەویستەکەت دەردەکەون – کە وەک سێبەر
خۆی لەناو شوورەدا دەشارێتەوە ئەو کاتە دەردەکەوێتەوە کە تۆ خێرا نیگای شەرمنی خۆتت وەرگێڕایەوە.
سوکراتیش – کە لە ئێمە زێتر لەبارەی ئارامییەوە دەزانێ – لێرە لەم شوێنەی ناو چیاکاندا ڕوخساری خۆی لەبن باڵی کوڕێکی گەنجدا نە شاردەوە و بیر لە کۆتر بکاتەوە.
هێراکلیتوسیش نا... دەتوانین وا باسی ئەو بکەین
وەک کە باسی دایکی خۆمان دەکەین، هێندە لە ماڵ دوور،
کە ئەو لە ئاکامدا؛ وەک وێنە، ڕوون دەبێ.

## (ستاڤرووس: ئیتاکە)
## (Stavros: Itaca)

لە خەون بێدار دەبمەوە. وەک کە دەستێک خۆی دەکاتەوە کازیوە گەمڕەنگییەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێنێتە ژوورەوە.

من وەک پەپوولە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەفڕم.

ئەمەیش کە جوانی خەسڵەتی نییە، پەرشوبڵاوییەکەی، هەردەم شوێنی تری، خەمگینم دەکات، یان ڕەنگە نائومێدم بکات... لە خەوندا بوو. لە خەوندا بوو؟ کانییەکی بە قەوزەی سووری ئاڵ دەورداراو. ڕوخسارێک لەناو ئاوەکەدا: هی تۆ.

وەک ناوی تۆ لە بیرەوەریمدا، خۆم بە خەونەکەوە دەنووسێنم، یان وەک پیاوە لە قوڕەسوور دروستکراوەکەی باڵا هەر هێندەی پەنجەگەورەی دەست کە لە موزە خۆی بە دامێنی ژنەکەیەوە نووساندووە. وا دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ زێترە لەسەر ئەژنۆیە، دەڵێی زەمەن فەرامۆشی کردووە، لەناو قوڕی ژنەکەدا قووڵ پشووی داوە. ئاسوودەیە، دەچرپێنێ: "وەرە، بگەڕێوە، لە خەونەوە بگەڕێوە لای من. خۆشەویستم، گیر مەبە!"

## (هەروەکو پینیلۆپی)
## (Liksom Penelope)

تەنیا زەمەن لە دەریا گەورەترە، تەنانەت مەرگیش لەتەنیشت گەورەیی ئەودا هەر بوتڵێکی بابردەڵەی ناو دەریا دەبێ (بەڵام لە ئاکامدا هەر دەتدۆزێتەوە. ڕەنگە لە ئێستاوە بێ خواست لەناو دەمارە شینە تۆخەکانی تۆدا بخولێتەوە). تۆ – کە گەورە نیت لە ناوکی خۆت گەورەتر نیت – لەسەر ئەم کەنارە بەردڕێژە جوانەدا ڕاوەستاویت.

بیر لە چی دەکەیتەوە؟ مرۆڤ لە بەردەم کاڵفامی ئاڵۆزی وادا دەتوانێ بیر لە چی بکاتەوە؟ بەڵێ، لە ئاکامدا، لە ئاکامدا، لە ئاکامدا تۆ تەنیایت... لەوێ، وەک لە هەموو تەنیاییەکدا دەرێک هەیە – وەک وشەبازی بۆ ناخت، هیوای دوورەدەستە. دەچیتە ناو هۆڵی ئاوێنەوە. ئەوەی هەبووە لە ڕووی بەرەواژی جامەکانەوە پێت دەگات. گوێت لێیە چۆن دەریا هەڵدەچێ، چۆن ئەو کەسەی تۆ خۆشت دەوێ بێ دەنگ دەبێ... غەمبار مەبە، تەنیا بێ جووڵە بە، بێ جووڵە. ئەو کە تۆ چاوەڕێت کردووە، وەک دەرکەوتنی کات دێت و خەمت لێ دەڕەوەێنێتەوە.

**سەرچاوە:**

**Till**
**Dikter av Magnus William-Olsson**
**GEDINS FÖRLAG 1989**